# سایە  لە کۆڕێکی سەنتەری گەنجانی رانیە  باسی دەستووری هەرێم دەکات

ranyaganjan@yahoo.com

بەر لە ئەنجامدانی راپرسی بۆ دەستوری هەرێمی کوردستانو لە گەرمەی باسو خواسی ناو خەڵك لەسەر دەستوورەکە، سەنتەری گەنجانی رانیە هەڵسا بە ساز کردنی کۆڕێکی رۆشنبیری لە ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٣ بۆ بەڕێز (خەسرەو سایە) بۆ باسکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان، سایە بە چەند خاڵێك پشتگیری لەوە کرد کە ئەو دەستوورە خواستی گەلی کوردستان نیەو خزمەت بە داواکاریەکانیان ناکات، پاشان ئامادەبووان کەوتنە گفتوگۆیەکی چڕو پڕ لە گەڵیداو بەمەش بابەتەکە زیاتر دەوڵەمەند بوو، تارا عەلی کۆڕەکەی بەڕێوە بردو زیاتر لە کاتژمێرو نیوێکی خایاند.









